



# کاتژمێرێکی زیرەک بۆ وەرزشوانان




لە زۆربەی وڵاتانــی جیهاندا کەلوپەل و ئامرازی چینی ناوی زۆر بە خراپی رۆیشتووە، بەراســتیش هەروایە و کوالیتیان لە خوارێیە، هەرچەندە چینییەکان دەڵێن کێشــە لە کڕیارەکانمانە و ئێمە بە ویســتی ئــەوان کەلوپەل بەرهەم دێنیـــن، کاتژمێری زیرەکی جۆری ROCKIOO ئەو بۆچوونەی ئەوان دەســەلمێنێ چونکە لە ریزی پێشەوە کاتژمێرە سمارتەکان دێت. شاشەکەی 1.63 ئینجە، لە جۆری OLEDیە، هەم کاتژمێرە و هەم مۆبایل، چونکە ســیمکارتی دەخرێتە سەر و سیســـتەمی g3 و وای –فای و بلوتوسی هەیە، سیســتەمی GPSیشــی لەسەرە. لە سیســـتەمی ئەندرۆدید 4 سوود وەردەگرێت. باترییەکەی هەتا 4 رۆژ دانابەزێت و رامەکەی یەك گێگابایتە و هاردەکەی 16 گێگابایتە. ئەم کاتژمێرە بە زۆری وەرزشــوانان ســوودی لێدەبینن چونکە لــە قوڵایی پەنجا مەتر لە ژێر ئــاودا کار دەکات و ســەرەڕای ئەوەش ئەو پرۆگرامانەی لەســەرن کە بــۆ وەرزش و راکردن سوودیان لێدەبیندرێت.



# پرۆژکتەرێکی لەیزەری و تایبەتمەندییەکی گرنگ

کۆمپانیای لینۆڤۆ لە پیشــانگای techworld ی شــاری پەکینی چیـــن، تەکنەلۆژییەکی نوێی خســتەڕوو کە بە smart cast ناسراوە. سمارت کاست لە راستیدا مۆبایلێکی هۆشمەندە کە داتاشۆ واتە پرۆژەکتەرێکــی لەیزەری هەیە. ئەوە یەکەمین پرۆژکتەری لەیزەریە مۆبایلە لە جیهاندا. هەرچەندە ئەم تەکنەلۆژییە پێشووتریش لە سامسۆنگیشدا تاقی کرابۆوە، بەڵام سامسۆنگ لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو. پرۆژکتەرەکە وێنە و فیلمەکان بەشێوەیەکی گەورەتر لەسەر دیوار نیشان دەدات، بەهۆی ئەم پرۆژکتەرە لەیزەرییەوە دەتوانیٚ تایپ بکەی، یاری بکەی و تەنانەت مۆسیقی و لێبدەی و ئیمێلەکان بخوێنیەوە و بەڕێ بکەی.



# لە ژێر دەریاشدا قسەی پێدەکرێت!


جـــار هەیە خەریکـــی کاری، یان ئاگات لـــێ نییە لەناکاو مۆبایلەکەت دەکەوێتە خوار یان ئاوی بەســـەر دادەڕژێ، ئیدی ئەگەر شانست هەبێت ئەوە جارێکی دیکە گیانی دەکەوێتە بەر، دەنا ئاوەو ئاو دەڕوا!

مۆبایلـــی جـــۆری Torque G02 لەم جـــۆرە مۆبایلانە نییە بەڵکـــو، دژە بەرکەوتـــن، دژە تەڕبوون و ...تـــادە. کۆمپانیای بەرهەمهێنـــی مۆبایلەکە رایدەگەیەنێ کـــە مۆبایلی ناوبراو لە قوڵایـــی ئاوی ســـوێری دەریاشـــدا کار دەکات. خاڵێك کە ئەم مۆبایلە لـــە مۆبایلەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە ژێر دەریاشـــدا دەتوانی پەیوەندی بگری و گوێ لە قســـە بگری، نەك قســـە کردن دەتوانی لە ژێر دەریاشدا وێنەبگری. جگە لەم تایبەتمەندییانە دەتوانرێت لە کەشوهەوای نالەباردا، پاڵەپەستۆی دەریا، شـــێی زۆر کاربـــکات، مۆبایلەکە زیاتر بـــۆ مەلەوانان، شاخەوان و وەرزشکارانە. شاشەی مۆبایلەکە 4.7 ئینجە و Hیە. سیستەمێکی لەمسی تێدایە کە دەکرێت بە تەڕبوونیش کار بکات و کێشەی نەبێت. سپیکەرەکانیشـــی بە جۆرێکن لەناو دەریاشدا کێشەت بۆ دروست ناکات و بە روونی گوێت لێدەبێت.





# کۆمپیوتەر بەقەد میمۆری کارتێک!

ئەو وێنانەی دەبینن هی میمۆری کارت نییە، راستە سایز و ستایلەکەی بەقەد میمۆری کارتێکە، بەڵام لەراستیدا ئەوانە کۆمپیوتەرێکی تەواون، کۆمپیوتەرێك بۆ گواســـتنەوە و کۆد دانان لەسەر زانیارییەکان. کۆمپیوتەرەکە بچووکە کە هـــی کۆمپانیای گوگڵە بە (Project vault) ناســـراوە. بە پەیوەندی دان بە مۆبایل، تەبلێت و کۆمپیوتەر دەتوانێت کۆد لەســـەر زانیاری و داتـــاکان دابنێت، کۆدێك کە تەنانەت گەورەترین رێکخراوی ئەمنییەتی جیهان نەتوانێت بیانکاتەوە. لەگەڵ ئەوەیدا ئەم میکرۆکۆمپیوتەرە زۆر بچووکە، بەڵام RAM و سیستەمی NFC هەیە.



# گوگل فۆتۆ بوو بە بەشێکی سەربەخۆ

خزمەتگـــوزاری گـــوگل فۆتـــۆ ( google ph-tos) کە پێشووتر بەشـــێك بوو لە سیستەمی تۆڕی کۆمەڵایەتـــی گـــوگل پلاس، ئێســـتا بەشـــێوەی پرۆگرامێکی ســـەربەخۆ ئەرکەکانی ئەنجام دەدات. هـــەم وەك ئەپلکەیشـــنێکی ســـەربەخۆ، هەم وەك خزمەتگوزارییەکی جیا لە سایتی گوگلدا. گوگل فۆتۆ دەتوانێت وێنەی 16 میگاپیسکلی و ڤیدیۆی فول ئێچ دیـــش بەخۆڕایی وەك هاردێکی مەجازی بـــۆ بەکارهێنەرانی هەڵبگرێـــت و بەپێی تێپەڕینی کات، روخساری ناو وێنەکان بناسێ، وێنەکان بەپێی کات و شـــوێن و کەسەکانی ناو وێنەکان رێك بخات. لـــەو پرۆگرامەدا دەتوانی چەندیـــن وێنە پێکەوە بۆ دۆست و هاوڕێیانت بنێری، بەبێ ئەوەی کە لایەنی بەرامبەر ئەو پرۆگرامەی هەبێت.



## جلشۆریش بە پێدان کار دەکات!

جگە لە پایسکل یان بەلەمی پێدانی رەنگە ئامێرێکی دیکە نەبێت کە بە پێدان کار بکات، ئەگەر رۆژێك جلشۆرێکتان دیت بە پێدان کار دەکات و وزەکەی خۆی لەبری کارەبا لە پێدان وەردەگرێت لاتان سەیر نەبێت.. جلشۆری جۆری drumi هەم جلەکەت دەشوات و هەم خاوەنەکەشی کالۆری دەسووتێنێ و کێشی کەم دەکاتەوە. ئەم جلشۆرە بۆ ئەو شوێنە دوور دەستانەی کە هیچ وزەیەکیان لێ نییە زۆر گونجاوە، بەتایبەتی بۆ ئەو کۆچەرانەی ساڵانە دەڕوون بۆ چیا و زۆزانان. جلشۆرەکە جێگای 2.5 کیلۆ جل دەبێتەوە و 5 لیتر ئاوی تێدەکرێت. بۆ شوردنی جلو دەبێت پێنج خولەك پێدان لێبدەی پاشان بە داگرتنی دوگمەیەك دەتوانی لە ئاویان بدەی، هەروەها لە جلشۆری کارەبایی ئاوی کەمتری دەوێت.





## پرۆگرامێکی بە سوود بۆ پرێنت کردن

کاتێك نیازمان هەبێت فایلێکی دەق پرێنت بکەین، سەرەڕای زانینی مەرەکەبی تێچوو لەو پرێنتەدا حەز دەکەین بەر لە پرێنت کردن پێش نیشاندانێکمان هەبێت، واتە لەسەر شاشەکە ببینین کە فایلەکەمان لەسەر کاغەز چۆن دەبێت. پرۆگرامێکی زۆر توانای prprinter ئەو پرۆگرامەیە کە لەگەڵ هەموو پرێنتەرێك دەگونجێت و توانای لەپێشدا نیشاندانی دوکیۆمێنتەکانی ئێوەی بە شێوەی سێ رەهەندی هەیە. پاش دابەزاندنی پرۆگرامەکە درایڤێکی مەجازی لەسەر ویندۆزەکەت دروست دەبێت و لە ریزی پرێنتەرەکانەوە زیاد دەبێت، جگە لە پرێنت کردن دەتوانی بەر لە پرێنت دەستکاری فۆنت، گەورەکردنی فایلەکە واتە لە سایزێکی گەورەتر، یا بچووکتر چاپ ببێت، نەهێشتنی بۆشایی. دیاریکردنی پەراوێزی دەقەکان، زیاکردنی وێنەیی ئەندازەیی (بازنە، چوارگۆشە و سێ گۆشە...تاد) ئەنجام بدەی، هەروەها دەتوانی فایلەکان بە فۆرماتێکی دیکە سەیڤ بکەی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت: چ جیاوازییەك لە نێوان سیستەمی full HD و سیستەمی UHD هەیە ؟**

خوێنەری بەڕێز لە سیستەمی full HDدا کوالیتی نیشاندانەکە 1920 لە 1080 دایە کە لە سەر زۆربەی تەلەڤزیۆنە نوێیەکان ئەم ژمارەیە دەبیندرێت، بەڵام لە سیستەمی UHDدا کوالیتیەکەی زۆر بەرزترە واتە 3840 لە 2160 دا. روونی و گەشی لەو سیستەمەدا بە رادەیەکە وەك ئەوە وایە کە سەیری جامێکی روونی پاك دەکەی. هەرچەندە تاکو ئێستا ئەم سیستەمە زۆر نوێیە و هێشتا کەناڵە سەتەلایتەکان پشتیوانی لەم سیستەمە نوێیە ناکەن و دەبێ چاوەڕوان بین کە رێسێرڤێری داهاتوو ئەم سیستەمەیان تێدابێت.



# ئیکۆی ئەمازۆن کتێبیش دەخوێنێتەوە

ماوەیەك لەمەوبەر لەسەر سپیکەرە هۆشمەندەکەی ئەمازۆن کە بە eco ناسراوە زانیاری و هەواڵمان بڵاوکردەوە کە سپیکەرەکە هۆشمەندە و بە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و لە ئینتەرنێت گۆرانی و فایلی دەنگی وەردەگرێت. ئێستا سپیکەرەکە تایبەتمەندییەکی نوێی بۆ زیاد بووە، ئەویش ئەوەیە کە بە شێوەیەکی 360 پلە دەنگی بەکارهێنەرەکەی لە هەر شوێنێك بێت دەناسێتەوە و دەکرێت بە بە دەنگی بەکارهێنەر وەڵام بداتەوە، سپیکەرەکە حەوت مایکی تێدایە، تەنانەت ئەوکاتەی کە گۆرانی بڵاودەکاتەوە، دەنگی بەکارهێنەرەکەی دەناسێتەوە. تایبەتمەندییەکی نوێی کە بۆ سپیکەرەکە زیاد بووە، ئەوەیە کە دەتوانێت کتێبە ئەلکترۆنییەکان بخوێنێتەوە، تەنانەت دەکرێت فەرمانی پێ بکەی کە فڵانە رۆمانە، یان فڵانە دیوانە شیعرەم بۆ بخوێنەوە، بەڵام تایبەتمەندییەکە تەنیا تایبەتە بە زمانی ئینگلیزی، تەنانەت ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کاتێك فەرمانی پێدەکەی کە چیدی رۆمانەکە نەخوێنێتەوە بۆ جارێکی دیکە کە دەستی پێکردەوە لە کوێرا کۆتایی پێهێنابوو، لەوێرا دەست پێدەکاتەوە.




# هیدفۆنی سمارت شاشەی هەیە

لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا هەموو شتێك بۆتە سمارت واتە زیرەك، یەکێك لەو ئامێرە دیجیتاڵییانەی کە لەم دواییەدا سمارتەکەشی کەوتە بازاڕ، هیدفۆنی جۆری SiMeـە، هیدفۆنی ناوبراو شاشەیەکی لە پێشەوە هەیە هەربۆیە زۆر وەك چاویلکەکەی گوگڵ دەچێت. سیستەمی ئەندرۆیدی 4.4ی لەسەرە، پەدێکی لەمسی هەیە کە دەتوانیٚ بە هۆیەوە کار بکەی. هیدفۆنەکە بە هۆی شاشەکە بچووکەکەیەوە دەتوانی ڤیدیۆ و سایتەکانی ئینتەرنێت سەیر بکەی. هەروەها دەتوانی راستەوخۆ گۆرانی و فایلە دەنگییەکان لە مۆبایل و هەر ئامێرێکی دیجیتاڵی وەربگری. شاشەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت و بۆ چاوی راست و چەپ دەگوازرێتەوە.



# سایتێك سەبارەت بە ژینگەی جیهان

لە سایتی http://www.breathingearth.net/ کە پەیوەندی بە ژینگەی جیهانەوە هەیە دەبینی گۆی زەوی وەك بوونەوەرێکی گیاندار هەناسە دەکێشیٚ، لەو سایتەدا سەبارەت بە سوڕی ژیان لە هەر وڵاتێکدا وەك رێژەی مەرگ و لەدایکبوون و هەروەها رێژەی پیسی ژینگە و بڵاوبوونەوەی گازی کاربۆن تێدایە. ئەو دەنگانەی لەو سایتەدا بڵاو دەبنەوە زۆر سەرنج راکێشن. ژمارەی دانیشتوانی جیهان و دەبینی بە شێوەی زیندوو کە ژمارەی دانیشتوان چرکە بە چرکە زیاد دەبێت و هەروەها رێژەی مەرگیش نیشاندەدات ئەوکات هەست بەوە دەکەی هەرکە کەسێك دەمریٚ دوو کەس لەدایك دەبیٚ.